# شانۆی هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە ئێرانی ئیسلامیدا

رۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ئەم ساڵ شانۆی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا بەرێوە دەچێ.ئەم بەناو هەڵبژاردنە لەم رووەوە جێی سرنجە کە لە هەلومەرجێکدا ئەم شانۆ گەرییە بەرێوە دەچێ کە ٢٦ ساڵ لە تەمەنی پڕ کارەسات و جینایەتی ئەم رژیمە تێدەپەڕێ ولەم ماوەیەدا جیهان وناوچەکە ئاڵوگۆڕی زۆریان بەخۆوە دیوە.بێگومان هاوکات دەگەڵ بەرەو پێشچوون وئاڵوگۆرەکانی دنیا فرتوفێڵی ئاخوندەکانیش گوڕانی بەسەرداهاتووە وبۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەیان وەک هەمیشە پەنا بۆ هەر ئامرازێک دەبەن.یەکێک لەم چاو بەستن و بەلاریدا بردنانەی ئەمجارەیان رەتکردنەوەی لێهاتوویی" مستەفا موعین"یەکێک لە خۆ پاڵاوتووانی سەرکۆماری بوو.دەگەڵ ئەوەی کە سەرجەم کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لایان گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێرانەوە لەمێژە لێهاتووییان رەتکراوەتەوە بەڵام رەتکردنەوەی" مستەفا موعین" بەو مەبەستە بوو کە خەڵکێکی زۆر بەرنە پشت سندووقی دەنگدان و وا نیشان بدەن کە موعین یەکێک لە دژبەرەکانی نیزامە و بەو چەشنە لە لایەک کڵاو لەسەر خەڵک بنێن لە لایەکیش شەرعیەتی نیزامەکەیان لەلای وڵاتانی جیهان بەرنەسەرێ.مستەفا موعین زاوای ئاخوند دەستغیبە کە ئیمام جومعەی شیراز بوو ولە ساڵەکانی سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی ئاخوندەکاندا لە لایەن موجاهیدینەوە کوژرا.ناوبراو هاو دەورە وهاوبیری سەید برایمی نەبەوی ومهاجرانی، ئەو کۆنە پاسدارانەیە کە ئێستا بەرگی ئیسلاحتەڵەبیان دەبەر کردووەو دوکانی تازەیان داناوە.لە کاتی سەرکۆماری رەفسنجانیدا مستەفا موعین وەزیری ئاموزیش وپەروەریش وعلوم بوو و هەر بەو پێیەش شەریکی جینایەتەکانی ناوبراوە هەرەچەند لە قانوونی مەدەنیدا هەرکەس بەرپرسی کارو کرگاری خۆیەتی بەڵام لێرەدا قسە لەسەر نیزامێکە کەئەویش پارێزەریەتی.مستەفا موعین بۆ سەرکەوتن لەم دەورەیەدا زۆر بەڵێنی داوە کە جێی تێڕامان و پرسیارن.ئاغای موعین بەڵێنی چاکسازی وئازادی رادەربڕین وبە شێوەیەک لە شێوەکان مافی کەمینە نەتەوایەتییەکانیشی داوە!لێرەدا ئاغای موعین ئەوەی ناڕاستەوخۆ درکاندووە کە ئەم مافانە تا ئێستا زەوت کراون.هەروەها جەنابی موعین لە کات و ساتێکدا ئەم بەڵێنانە دەدا کە کۆماری ئیسلامی بێ پەردە و بێ سڵکردنەوە کورسییەکانی پارلمانی ئێرانی بە کۆنە پاسدار و بەسیجی و تیرۆریستان پڕکردەوە و ئاغای

موعین به پێی یاسای بنەرەتیی کۆماری ئیسلامی هەموو" لایحە"کانی دەبێ لەوێ پەسند بکرێن کە ئەمەش زیاتر لە گاڵتە دەچێ تا راستی.یەکێک لە بەڵێنیەکانی ئاغای موعین دانی لێبووردنی گشتییە بۆ بەرهەڵستکارانی رژێم.ئەم بەڵێنییەی ئاغای موعین خۆ گێلکردن لەو راستییەیە کە ئەوە رێبەران و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامین کە دەبێ داوای لێبووردن لە گەلانی ئێران بکەن و سەبارەت بە جینایەتەکانیان لە ٢٦ساڵی رابردوودا وەڵامدەر بن،هەر ئێستا پەروەندەی گەورە بەرپرسانی رژێم لە سەر مێزی دادگا نێونەتەوەییەکانن وجینایەتەکانیان لە بەرلین و وین و تورکیە و... لە بیر و زەینی خەڵکدا هەر ماون.کوشتاری خەڵکی قارنێ و قەڵاتان و سنە و پاوە و ورمێ و سەردەشت و .... کارنامەی ئینسانکوژەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە کوشتاری زیندانییە سیاسییەکان لە ساڵی ١٣٦٧ دا هێشتا خوێن دەدەڵێنێ.بەم رابردووە پڕ جینایەتەوە تەنیا لە بێ چاو و رووەکانی فرچک گرتووی ویلایەتی فەقێ دەوەشێتەوە ئیدیعای وا بکەن. دەکرێ ئاغای موعین بۆ خەڵکی روون کاتەوە کە لە کاتێکدا زیندانەکانی رژێم پڕن لە کۆنە پاسدارەکانی خۆیان کە ئێستاشی دەگەڵ بێ باوەڕیان بە ولایەتی فەقێ وکۆماری ئیسلامی ویاسای بنەرەتی وڵات هەیە و زۆرترین جینایەت لە سەردەمی ئەواندا دژی گەلانی ئێران بەرێوەچووە،تەنانەت لە ژێر زەختی وڵاتانی دیکەی جیهاندا بۆ چارەسەر کردنی باری لەشساغیان بە زەحمەت چەند رۆژێک بەردەدرێن،چلۆن لێبووردنی گشتی بۆ کەسانێک دەردەکا کە باوەڕیان بە ئایینو مەزهەبو شتی لەم بابەتە نییە؟ئاغای موعین باش دەزانێ کەسێک لە ئێران بیهەوێ ببێتە سەرکۆمار دەبێ ،شێعە بێ،باوەری بە ویلایەتی فەقێ بێ،لە چوارچێوەی یاسای بنەرەتی وڵاتدا کار بکا، کەوابێ هەر بە گوێرەی ئەم یاسایە وەلێ فەقێ نوێنەری خودایە ولە بەرامبەر کەسدا وەڵامدەر نیە وپابەندی هیچ یاسایەک نیەو مافی رەتکردنەوەی هەموو بڕیارێکی هەیە.پاش وەلی فەقێ شورای نیگابان هەیە و ئەرکی ئەم شورایە لەدم دانەوەی بڕیاراتی پارلمانە و دەورەی حەوتەمی مەجلیس ئەوەی بە باشی سەلماند.پاش ئەوانیش شوڕای هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکانی نیزامە کە ئەویش سوچێکی دیکەی سێ گۆشەی شوومی نیزامی کۆماری ئیسلامییە.لە راستیدا کەس و ئۆرگانە بەناو هەڵبژێراوەکانی ناو کۆماری ئیسلامی ئێران دەسەڵاتی هیچیان نیە ودەسەڵات بە دەستی وەلی فەقێ و شوڕای نیگابان و شوڕای هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکانی نیزامە کە ئەوانەش نە هەڵبژێردراون ونە وەڵامدەری کەسیشن.

باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم راستیانە ماوەی سەرکۆماری ئاغای خاتەمییە کە بە قسەی خۆیان دەنگی ٢٢ ملیۆن دەنگدەری لە پشت بوو و زۆربەی نوێنەرانی مەجلیسی حەوتەمیش لایەنگری بوون، بەڵام یەکەم کەس بوو دەستووری سەرکوت و کوشتاری خوێندکارەکانی دا.لە کۆتاییدا پێویستە بەو بەناو ئیسلاح تەڵەبانەی کورد بڵێم لە باشترین شێوەدا ئێوە کاتێک وەبیر کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دێنەوە کە کڵاوتان پێ لە سەر خەڵکی کوردستان بنێن وپاشان ناوتان لە کولەکەی تەڕیش دا نامێنێ و لە هیچ جێگایەکی ئێران بەگەزو ربەتان ناپێورێ ئێوەش وا باشترە پێوانەتان بۆپشتیوانی لە هەرکەس کە خۆی بۆ سەرکۆماری دەپاڵێوێ رادەی باوەڕی وی بە مافی گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی بێ.ئاغای موعین لە شاری مەهاباد بۆ فریودانی خەڵک چەپکە گوڵ لە سەر گۆری نەمر محەمەدی قازی بە رەگەز کورد و وەرگێڕی بەناوبانگی ئێران دادەنێ وئەوەش تەنیا لەبەر ئەوەی ئەم بەرێزە خزمەتی بە زمانی ئاغای موعین کردووە کە زمانی فارسیە بەڵام هەر لە پەنا ئەو، گڵکۆی خودا وچەند پێغەمبەری زمانی کوردی لێبوو ئەی بۆ ئاوڕی وێنەدان؟ دیارە ئەوە بەو مانایە نییە رێز و حورمەتی بەرێز محەمەدی قازی بێتە ژێر پرسیار وبگرە بەرێز محەمەدی قازیش یەکێک لە قوربانیانی بێ مافی نەتەوەی کورد بووە کە لە سایەی سەری هاورەگەزەکانی ئاغای موعینەوە مافەکانیان پێشێلکراوە. دەنگ دان لە شانۆی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا دەنگدانە بە درێژ کردنەوەی تەمەنی پڕ جینایەتی کۆماری تیرۆریستی ئیسلامی ئێران.رژێم بۆ هینانی خەڵک بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان خۆ لە هیچ فێڵ وتەڵەکەیەک نابوێرێ و هەزاران بەڵێنی بە درۆ دەدا، ئاخر درۆ و تەقییە لە فەلسەفە ومەزهەبی ئەوانەدا ئازادە.بە نەچوونتان بۆ سەر سندووقەکانی بە ناو دەنگدان دەنگ بۆ نەمانی کۆماری ئێسلامی ئێران بدەن.

کەماڵ گروێسی

٨٤/٣/١٨